# پاتۆلۆژی بزاڤی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان یا بزاندنۆلۆژی حیزبەکان دژبەیەک؟

**دیاکۆ-م**

وەک ئاگادارن چەند رۆژ لەمەوپێش کۆبوونەوەیەک لەژێرناوی پاتۆلۆژی بزاڤی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان کە بەروالەت لەلایەن چەند رۆشنبیرێکی بەناوسەربەخۆ بەرێوە چوو سازدرا کە لەئەنجام دا بووە هۆی زێدەبوونی چرۆی ناکۆکییەکان لە نێوان حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی. هەرچەند کە حیزبەکان بەگشتی بانگهێنشت نەکرا بوون یان ئەگەریش بانگهێشت کرابن کە بەشدار نەبوون وتەنها چوار حیزب بەشدار بوون: حیزبی دیموکراتی کوردستان_ئێران، یەکێتی دیموکراتی کوردستان، پارتی ئازادی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

ئەم کۆبوونەوە زۆرتر کە ئەنجامی باشی لێبکەوێتەوە پێچەوانە بوو کە لەمەش دا چەند هۆکار دەخیل بوون. ئەوەی خاڵە کە زۆر بەرجستەیە ئەوەیە کە هەر لە بنەرەتەوە نەدەبوو هاوکات لەگەڵ رۆشنبیرانی بە ناو سەربەخۆ دا حیزبەکان بەشدار دەبوون چوون لە ئەساس دا رووناکبیری و باسەکانی پەیوەست بە رووناکبیری لەبواری گرنگیەوە دەکەوێتە دەرجەی سێ و چوارەوە و ناتوانێ باس لە خەسارناسی حیزبەکانی تێدا بگونجێنێ پاشان ئەوە رۆشنبیرانەش کەلەوێ ئامادە بوون زۆرتر رەخنەیان دەکرد و هیچی کە چوون ئەوان خۆیان وا پێناسە کردوە بەم پێیەش بە هەڵخراندنێکی ناراستەوخۆ بوونە هۆی زەق تر بوونی کێشەی نێوان برێک حیزب. جا لێرەدا ئەم رووبەرووبوونەوە(رووناکبیران و حیزبەکان) ئەنقەست بێ یا ئەنقەست نەبێ گرنگ نیە, گرنگ ئەوەیە کە رووبەرووبوونەوەی ئیحساس و ریالیتە هاتە کایەوە کەقەت شتێکی لوژێکی نیە و تەنانەت لەسەر ئەو کۆبوونەوەش دا بەتەواوەتی باڵی زاڵی راکێشا بوو و ئەمەش ئەنجامێکی دەستەبەر نەکرد جگە لە بزواندنی لایەنەکان و ناکۆکیەکانی بەرجستەتر کردووە. کەوابوو لێرەدا پاتۆلۆژی ئەنجامی نەگرت تا کۆتایی ئەم کۆبوونەوە روو لە چاک بوونەوە وساغ بوونەوە بکات و هەمیش موجادیلەی زۆر بیهۆ و بێ ئاکام نەدهاتە پێشەوە و راستەوخۆ یا ناراستەخۆ ناکۆکییەکانیان زەق تر کردەوە و لە هەموو گرنگتر مامۆستا هێمنی مۆکریانی لەلایەن بەرێز عرفانی رەهنموونەوە بە چڵکاوخۆری پێنوس فرۆش نەدەهاتە ناساندن.

نەهەر بە بروای من بەڵکو بەبروای دەیان رۆشنبیر و کەسایەتی سیاسی تەنها بەشی گرنگ و بەرچاو لەو کۆبوونەوەیە دا تاوتوێکردنی ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان و هۆکارەکانی لاواز بوون یاخود نەبوونی چالاکی نەتەوەیی لەو ناوچانەدا بوو. ئەگەرچیش ئەنجامێکی دیاری کراو کەبتوانێ هەمووان لەدەوری خۆی خرکاتەوە لێی نەکەوتەوە .

بۆ وێنەبۆ کەم کردن یا خوی پر کردنەوە کەلێنی و بۆشایی خەبات لەوناوچانەدا دوو پێشنیار هاتە ئاراوە: یەکەم ئەوە کە حیزبی تایبەت بەو ناوچانە دابمەزرێ. دووهەم ئەوە کە حیزبەکانی دیکە بە سیما و ئادگاری خەڵکی ئەو ناوچانە لە گەڵیان بدوێن و رێگەی خەبات و شورشیان پیشان دەن و لەهەموو گرنگتر نەتەوەبوونیان تێدازیندوو بکەنەوە و لەخەڵکی ئەو ناوچانە لە پێکهاتەی سەرکردایەتی دا کەڵک وەربگرن.

ئەوەی ئاشکرا بوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ دامەزراندنی حیزبی نوێ موخالفەتی کرد بەڵام لەگەڵ دەمامکی دیماگۆژی هاورا بوو. سەبارەت بەم مەسەلەیە دەبێ دەست بخەینە سەر چەندخاڵ: یەکەم ئەوە کە حیزبی نوێ لە باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان دابمەزرێ(کەلهور، گۆران، لەک، لۆر و جاف) ئەمە هیچ

فیلترێکی ناوێ که بەڵی کام حیزب به فەرمی بناسێ یا نەیناسێ تەنانەت یەکێتی دیموکراتی کوردستان که لەو کۆبوونەوەش دا بەشدار بوو حیزبێکی باشووری رۆژهەڵاتی بوو که وەک وتم نه فیلترێکی ویست که دابمەزرێ و نه به نارەزابوون هیچ لایەنێک دامەزراندنی تووشی کێشه هات.

ئیستا وا فەرز بکەین که هەر حیزبێک دەیەوێ دابمەزرێ بەتایبەت هی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان بێ(لەبواری ئایینیەوە کوردە شێعەکان و لەبوارگەلی دیکەوە گوانەکان و لەکەکان لۆر و جافەکان) ئەگەر له فیلترێکی بۆ فەرز کەین که دەبێ لێی رەت ببێ بیگومان ئەو حیزبە حیزبێکی ساغ نیه واته وابەسته دەبێ چون بۆ دامەزراندنی پێویستی بەدەنگی برێک لایەن هەیه و لەوەو بەدواوە دەبێ دەور حیزبێکی دیارکراو دا بخولێتەوە.

پاشان لەسەر گۆرینی سیمای حیزبەکان ئەوەش شتێکی خراپ نیه ئەگەر بەمەبەستی خەڵک فریو دان نەبێ و ئەگەر له بەشی سەرکردایەتی دا له کوردەکانی باشووری روژهەڵاتیان تێدا بەشدار بکەن بەڵام نه فەرمایشی و نەمایشی بەڵکو خاوەن بریار. ئەگەرچی له سیستمی حیزبەکان دا که ئێمه ئیستا دەیانبینین زۆر ئەستەمه که شتێکی وا روو بدات.